

# مەچەکبەندی تەندروستی ڕێلمی

بازووبەند یا مەچەکبەندە زیرەکەکان، بەرهەمێکی تازە و ناوازەن! لە ستایل و ئەرکدا زۆر وەك کاتژمێری زیرەك دەچن. کۆمپانیای ڕێلمی یەکەم مەچەکبەندی خۆی خستەڕوو. Realme Band شاشەکەی کەمترە لە ئینجێك. شاشەکەی بە بەراورد لە شاشەی باندەکانی دیکە گەورەترە، چونکە دەتوانی ٦٤ پیت لەسەر شاشەکە ببینی. ڕێلمی چەند دوگمەیەکی لەمسی هەیە، بۆ ئەوەی کە گوستی بەکارهێنەرەکە تەواوی شاشەکە دانەپۆشێ ئەوکاتەی بەکارهێنەر دەیەوێ فەرمانێك ئەنجام بدا.

ئاپەکانی باندی ناوبراو، کورتە پەیام و پەیامە ئاگادارکردنەوەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی وەك فەیسبوك و واتساپ و ئینستا و تویتەر... نیشان دەدات. شاشەکەی لە شووشە دروستکراوەو و بە ئاو تێکناچێت و تۆز و خۆڵ ناگرێت. ئەوکاتەی کە شەحن دەکرێتەوە هەتا دە ڕۆژ دانابەزێت. باندەکە پێوانی دڵ دەگرێ، هەنگاوەکان دەپێوێ، چۆنییەتی خەوی بەکارهێنەرەکەی هەڵدەسەنگێنێ، لە ڕۆژدا چەند جارێك بەکارهێنەرەکەی ئاگادار دەکاتەوە کە ئاو بخواتەوە. ٩ جۆر حاڵەتی وەرزشی تێدایە. وەك: یۆگا، بەپێی ڕۆیشتن، ڕاکردن، شاخەوانی...تاد.

# لاپتۆپی چەماوە داهێنانێکی نوێ



مۆبایل و تەلەڤزیۆن و لاپتۆپی چەماوە و نووشتاوە، دەمێکە لەلایەن کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنی ئامێرە تەکنەلۆژییە نوێیەکان بیری لێدەکرێتەوە و سامسۆنگ و مۆتۆرلا و ئەوانی دیکە بە کردەوە ئامێری لەم جۆرەیان بەرهەمهێنا.. مۆبایلی galaxy fold یەکێك بوو لەو مۆبایلانەی کە لەلایەن کۆمپانیای سامسۆنگەوە بەرهەمهات، مۆبایلێك کە شاشەکەی دەچەمێتەوە و پاشان دەبێتەوە لێکدەکرێتەوەو دەبێتە یەك شاشە..

لەم ماوەیەدا کۆمپانیای ناسراوی لینۆڤۆ یەکەم لاپتۆپی چەماوەی بەرهەمهێنا کە بە جۆری lenovo thinkpad x1 fold ناسراوە. شاشە لاپتۆپەکە ١٣ ئینجە و لە جۆری OLEDیە. هەرچەندە ئێستا بە بەراورد بەلاپتۆپەکانی دیکە نرخەکەی گرانە، بەڵام لە داهاتوودا هەرزان دەبێت.

کاتێك لاپتۆپەکە بەتەواوی لێکدەبێتەوە دەبێتە تەبلێتێکی گەورە، بەڵام کاتێك دەچەمێتەوە بەشێکی وەك کیبۆردی لێدێت و بەشەکەی تریشی دەبێتە شاشە.. جگە لەوەش دەکرێت هەر دوو بەشی شاشەکەش بۆ دوو پرۆگرامی جیاواز سوودی لێ ببینرێ.

لەگەڵ لاپتۆپەکە کیبۆردێکیشی لەگەڵدایە، کە دەتوانی سوودی لێببینی یان هەر بەشێکی لاپتۆپەکە وەك کیبۆرد بەکار بهێنرێ.

لاپتۆپە تایبەتیەیکە دەکرێت هەتا ٩٠ پلە بنووشتێتەوە و بەشێوەی ستوونیش لەسەر مێز دابندرێت. هەروەها دەکرێت بەشێوەی ئاسۆیش دابندرێ ئەوکات وەك کتێبێکی لێدێت. بەشێك لە تایبەتمەندییەکانی ئەوانەن:

ڕامەکەی ٨ گیگابایتە و بە خێرایی ٤,٢٦٧. شوێنی داکردنی داتاکان واتە میمۆری یەك ترابایتە. شاشەکەی ١٣,٣ ئینجە و کوالیتی نیشاندانی OLEDیە. کێشەکەی کەمتر لەیەك کیلۆیە. باترییەکەی هەتا ٥٠ کاتژمێر دانابەزێت.



# لاپتۆپێکی گەیم بە تایبەتمەندییەکی نوێوە

لاپتۆپی گەیم جیاوازی هەیە لەگەڵ لاپتۆپێکی ئاسایی، لاپتۆپێك کە گەیمی بەهێزی پێبکرێ دەبێ هەم لە بواری نەرمەواڵەو هەم لە بواری رەقە ئامێرەوە بەهێز بێ.

کە باس لە لاپتۆپی گەیم دەکرێت، مەبەست نییە ئەم لاپتۆپە تەواو بۆ گەیم و یاری داندراوە، مەبەست ئەوەیە ئەم لاپتۆپە لە لوتکەی بەهێزی دایەو هەموو ئەرکێکی قورسی پێ ئەنجام دەدرێ.

یەکێك لە لاپتۆپەکانی گەیم کەلەلایەن کۆمپانیای HPیەوە بەرهەم هاتووە لاپتۆپی جۆری HP Omen X 2Sە. ئەم لاپتۆپە دوو شاشەی هەیە. شاشەیەکی ئاسایی و شاشەیەکی بچووك بۆ راپەڕاندنی ئەرکەکان بە ئاسانی.

شاشە بچووکەکە ٦ ئینجە، لەسەر شاشە بچووکەکە پەیامی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان و زۆر وردە کاری دیکە دەبیندرێ. هەروەها کاتێك بەکارهێنەر یارییەك دەکات، ئەو زانیاریانەی تایبەت بە یارییەکەن لەسەر شاشە بچووکەکە دەبیندرێ. ئەوکاتەی کۆمپیوتەرەکە لەگەڵ مۆبایل پەیوەند دەدرێ، کورتە پەیامەکان و هەندێك زانیاری دیکە لەسەر شاشە بچووکەکە دەبیندرێن. جیا لەمانەش دەکرێت شاشە بچووکەکە هەمان ئەرکی شاشەی گەورە ئەنجام بدات، بەڵام لە قەوارەیەکی بچووکدا.

لاپتۆپی ناوبراو شاشەکەی ١٥/٦ ئینجە. کوالیتی نیشاندانی K4ە. رامەکەی ٣٢ گیگابایتە. شوێنی دانانی دوو SSD یەك ترابایتی هەیە. وێب کەمەکەشی بەهێزە.

# کیبۆرد کۆمپیوتەر بەرهەمێکی نوێ لە تەکنەلۆژیادا

کیبۆرد واتە تەختەی دوگمەکان دەرگای پەیوەندی بەکارهێنەر بە کۆمپیوتەرە و گرنگترین بەشی لاوەکی کۆمپیوتەرە. لەم ماوەیەدا کۆمپانیایەك هەستاوە کیبۆردێکی بەرهەمهێناوە کە خودی کیبۆردەکە کۆمپیوتەرێکی تەواوە و پێویستی بە هیچ نییە جگە لە شاشەیەك! جا شاشەکە تیڤی بێت یان مۆنیتۆر.

(کیبۆرد کۆمپیوتەر)ی جۆری Raspberry Pi 400 هەموو پارچەکانی کۆمپیوتەری لەسەرە، لە رام و هارد و بۆردەوە بگرە هەتا فەن و مەزەلبۆرد و پارچەکانی دیکە.

دوای ئەوەی پەتای کرۆنا سەری هەڵدا و خوێندن بوو بە شێوەی ئۆنلاین، بیرۆکەی داهێنانی ئەو ئامێرە واتە (کیبۆرد کۆمپیوتەر) داهێنرا. نرخی ئامێرەکە زۆر هەرزانە. تایبەتمەندییەکانەی ئەوانەن. رامەکەی ٤ گیگابایتە و لەبری هارد میکرۆ میمۆری دەخوێنێتەوە و بە گوێرەی ویستی خۆت میمۆری گونجاوی بۆ دادەنێی. شوێنی دانانی کێبڵی HDMI هەیە. بەڵام سیستەمەکەی سیستەمێکی سەربەخۆیە و هەر بە سیستەمی (raspberry pi os) ناسراوە. خێراییەکەی ١,٨ گیگاهێرتزە و سیستەمی وای-فا و بلوتوسی هەیە.






# ئامێرێک بۆ ئاسانکاری لەئەرکی ئامێرە زیرەکەکاندا

لە کۆمپیوتەردا ماوس و کیبۆرد، هەموو ئەرکەکان ئەنجام دەدەن، بەڵام بە چەند قۆناغێك. بۆ نموونە ئەگەر بتەوێ لە پرۆگرامێکی فۆتۆشۆپدا ئەرکێك ئەنجام بدەی، دەبێ سەرەتا بچیە سەر شریتی ئەم بەشە و دواتر ئەو بەشەی مەبەستە بدۆزیەوە و دواتر کلیك لەسەری بکەی. ئامێرێکی تایبەتی بەناوی Elgato بەرهەم هاتووە، کە دەکرێت گشت فەرمانەکانی پرۆگرامەکانی مەبەستی تێدا جێگیر بکەی. بۆ نموونە بە داگرتنی دوگمەیەك یەکسەر، پرۆگرامی ۆرد بکرێتەوە، یان بە دوگمەیەکی دیکە پرۆگرامەکانی تایبەت بە مۆسیقا و فیلم بکرێنەوە. ئامێرەکە ٣٢ دوگمەی لەسەرە. بەهۆی ئەو ئامێرەوە دەکرێ نەك تەنیا دوگمەکان بۆ پرۆگرامەکان دابندرێ بەڵکو بۆ فایل و فۆڵدەرەکانیش. بۆ نموونە بە داگرتنی دوگمەیەك ئەو فۆڵدەرە بکرێتەوە کە وێنەکانتی تێدا هەڵگرتووە. بۆ ئەوانەی کاری گرافیك یا کاری فیلم و سینەما دەکەن ئامێرەکە بۆ ئەوان زۆر گرنگە. ئامێرەکە بە تەنیا لە کۆمپیوتەر پەیوەند نادرێ بەڵکو لەگەڵ مۆبایلیش پەیوەند دەدرێ و دەکرێت هەموو ئەو ئەرکانەی ئامێرەکە ئەنجامی دەدات بگوازرێنەوە بۆ مۆبایلەکە. Elgato Stream XL 32 جگە لەوەی کە ئاسانکاری بۆ کۆمپیوتەر دەکات، بەڵکو ئاسانکاری لەو ئامێرانەشدا دەکات کە لە ماڵێکی زیرەکدا هەن، بۆ نموونە دەکرێت بەهۆیەوە گلۆپەکان بکوژێنەوە، بەفرگرەکە دابگرسێنی، کەناڵەکانی تیڤی بگۆڕی و زۆر ئەرکی دیکەش..



## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

**خوێنەرێکی بەڕێز دەپرسێت چۆن بکرێ کە پەیامە دەنگییەکانی ئینستاگرام دابەزێنمە ناو مۆبایلەکەم؟**

خوێنەری بەڕێز راستە ئینستاگرام هیچ دوگمەیەك یا هیچ فەرمانێکی بۆ دانلۆدکردنی پەیامەکان دانەناوە، بەڵام بە رێکارێکی ئاسان دەتوانی ئەم کارە جێبەجێ بکەی..

سەرەتا بچۆ سەر مۆبایلەکەت بەشی screen record بکەوە، پێموایە لە زۆربەی مۆبایلەکاندا ئەم بەشە هەیە بۆ تۆمارکردنی شاشەی مۆبایلەکە.. دواتر پەیامە دەنگییەکەی ئینستاگرامەکەت لێبدە، پەیامەکەت ریکۆرد دەبێ و دادەبەزێتە ناو مۆبایلەکەت..

# HTC راوتەرێکی زۆر تایبەت بەرهەم دێنێ

راوتەر ئەو ئامێرەیە کە هێڵی ئەنتەرنێت لە مۆدێم وەردەگرێ و بڵاوی دەکاتەوە. راوتەر و مۆدێم دوو ئامێری لێکجیان و زۆر جار بەهۆی لێك نزیکبوونی ئەرکەکانیان وەك یەك ئامێر دەناسرێن، بەڵام لەراستیدا دوو ئامێرن. هەرچەندە ئامێر هەیە هەم راوتەرە و هەم مۆدێم، بۆ نموونە ئامێرەکانی وەك فاست لینك، تیشك نێت، نەورۆز نێت...تاد.

کۆمپانیای HTC راوتەرێکی نوێی بە ناوی Exodus 5G Hub خستەڕوو کە تایبەتمەندییەکانی لەگەڵ راوتەرەکانی دیکە جیاوازن. ئەم راوتەرە بۆ بەکارهێنەرەکەی زۆر تایبەتە. تایبەتمەندییەکەی لەوەدایە کە نهێنی بەکارهێنەرەکەی بۆ ماڵپەڕە خزمەتگوزارییەکانی وەك گوگل و فەیسبوك و ئامازۆن و ..تاد ئاشکرا ناکات، چونکە بەشێك لە داهاتی ئەو کۆمپانیایانە لە رێگای زانیاری تاکەکەسی بەکارهێنەرەکانیەتی.

راوتەرەکە بەقەد مۆبایلێك دەبێت، شاشەکەی لەمسییە. مۆدێمەکەی 5G یە و پاڵپشتی لە ئەندرۆیدی ٩ دەکا. لەیەك کاتدا دەتوانرێ ٢٠ ئامێر پێکەوە سوودی لێوەربگرن. دەتوانرێ ئاپەکانی ئەندرۆید لەسەر شاشە ٥ ئینجیەکەی بکرێنەوە و سوودیان لێوەربگیردرێ.






# کامێرای چاوەدێریش دەفڕێت

کامێرای چاودێری ئاسانکارییەکی زۆری بۆ ئاشکراکردنی تاوان و دزییەکان کردووە. وەك باشترین پاسەوان و چاودێر سەیر دەکرێن.

کامێرای چاودێری جێگیرن و لەیەك شوێن دادەنرێن، بەڵام کۆمپانیای Ring کە کۆمپانیایەکی ئەمریکی بواری بەرهەمهێنانی ئامێری ئەمنییەتییە. کامێرایەکی نوێی بەرهەمهێناوە کە لەبری ئەوەی لە شوێنێك جێگیر بکرێ، وەك فڕۆکەیەکی بچووك لە بە دەوروبەردا دەفڕێت. کامێراکە بەجۆری Always home cam ناسراوە. لە راستیدا (درۆن)ێکی خۆکارە و بەبێ ئەوەی کەس کۆنترۆڵی بکات لە شوێنی خۆی بەرز دەبێتەو و پاش گەشتێك بە دەوروبەری خۆیدا لە شوێنی خۆی دەنیشێتەوە و خۆی شارژ دەکاتەوە. راستە خۆکارە بەڵام دەکرێت فەرمانیشی پێبکرێ کە بە چ شوێنێکدا بخولێتەوە. کاتێك بۆ یەکەمجار کاری پێدەکرێت دەبێ نەخشەیەك لە شوێنی خۆی و ئەو شوێنانەی دەبێ سەریان لێبدا پێی بناسێندرێ. کامێراکەی فول ئیچ دییە. دەکرێت زۆر ئەرکی دیکەشی پێ ئەنجام بدەی بۆ نموونە دەکرێت بینیرێ بۆ شوێنێك بزاندرێ لەوێ چ باسە. کامێرا فڕۆکەکە خۆی لە بەربەستەکان لادەدات.



## ماڵپەڕێک بۆ دەستکاری کردنی دەنگ

زۆر جاران گۆرانییەکی کۆنمان لەلایە، یان لە شوێنێك دەنگمان ریکۆرد کردووە کەچی بەهۆی دەنگە دەنگی زیادی و قەرەباڵغی ناتوانرێ بەباشی سوودی لێوەربگیردرێ.. یان نیازمانە گۆڕانکاری لە دەنگێکی تۆمارکراودا بکەین... هتد. بۆ هەمووی ئەوانە پێویستمان بە پرۆگرامێکی تایبەتە کە ئەو ئەرکانەمان بۆ ئەنجام بدا.. ئەدی ئەگەر هیچ پرۆگرامێك لەو کاتەدا لەبەردەست نەبوو.. بۆ ئەمە زۆر ماڵپەڕ هەن کە بە شێوەی ئۆنلاین ئەم کارە ئەنجام دەدەن، یەکێك لەم ماڵپەڕانە... ماڵپەڕی https://beau-tifulaudioeditor.appspot.com/ یە.. لەم ماڵپەڕەدا ئەوەی پێویست بێ سەبارەت بە گۆڕانکاری لەدەنگدا هەیە، دەکرێ چەند فایل پێکەوە گۆڕانکاریان تێدا پێکبێنی.. دەکرێ فایلەکان لەسەر کۆمپیوتەرەکەت، یا گوگل درایو و دراپ بۆکس و... وەربگری..

# پرۆگرامێک بۆ فیلم هەڵگرتنەوە لە مۆنیتۆر

تۆمارکردنی فیلم و وێنە هەڵگرتنەوە لە مۆنیتۆر، گەلێك جاران گرنگییەکی تایبەتی هەیە، بەتایبەتی لە دروستکردنی فیلمە فێرکارییەکاندا. لە فیلمە فێرکارییەکاندا بەکارهێنەر لە نزیکەوە لەگەڵ چوارچێوەی پرۆگرامەکە ئاشنا دەبێت و بەشێوەیەکی کرداری دەتوانی سوودی لێوەربگرێت.

گەلێك پرۆگرام هەن بۆ دروستکردنی فیلمی فێرکاری، یەکێك لەو پرۆگرامانەش Snagitە.

چۆنییەتی بەکارهێنانی پرۆگرامەکە ئاسانە. بە وردی لە هەموو شوێنێکی مۆنتیۆرەکە فیلم هەڵدەگرێتەوە. بەشێك لە تواناکانی پرۆگرامەکە ئەوانەن:

- توانای هەڵکردنی کامێرای کۆمپیوتەر و هەروەها تۆمارکردنی شاشە پێکەوە.
- داکردنی وێنە بە فۆرماتەکانی GIF JPG BMP PNG TIF.
- داکردنی فیلمەکان بە فۆرماتی PPT, AVI, MPG, MPEG SWF, WMV
- توانای زیادکردنی دەق بۆ سەر فیلم یان وێنەکان.
- توانای دروستکردنی وێنەی ئەندازەیی.
- دانانی وێنەی جۆراوجۆر لەسەر وێنە یا فیلمێك کە تۆمار کراوە.
- توانای سوود وەرگرتن لەچەند ئیفێکتی جۆراوجۆر لەسەر دەق.

